# هونەرمەند هەردی سەلاح گەیشتە ئێران

**خەبات: هێمن ئاری**

هەردی سەلاح یەکێکە لەو هونەرمەندە لاوانەی کە لە تەمەنی کورتی هونەریدا توانی جەماوەرێکی بەرفراوان و لەدەوری دەنگە پڕ لە سۆزەکەی خۆی کۆبکاتەوە، لەدیدارێکی کورتدا چاومان پێکەوت و بەدوایین کارە هونەرییەکانی ئاگاداری کردینەوەو گوتی: دوای گەیشتنی گرووپی میوزیکی کامکاران بۆ هەولێری پایتەخت بە مەبەستی ئەنجامدانی پرۆژەیەکی هونەری نوێ کە ئەویش سرودێکی نیشتمانییە، کە باس لە ئازارو مەینەتییەکانی میللەتی کورد دەکات کە بەدرێژایی مێژوو



رووبەڕووی بۆتەوەو بەدەستییەوە نالاندوویەتی منیش وەکو هونەرمەندێکی کورد لەسەر داوەتی کامکاران بانگهێشت کراوم بۆ بەشداری کردن لەو سروودە.

شیاوی باسە ئێستا هونەرمەند هەردی بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەم کارە هونەرییە گەیشتۆتە تاران.